# ئاشنا بوون بە سوقرات

**لە ئینگلیزییەوە/ شاسوار کەمال مەحمود***




فەیلەسوفی گەورەی یۆنانی لەماوەی نێوان ( ٤٧٠-٣٩٩ پ.ز) لەشارەوڵاتی ئەسینا ژیاوە. سوقرات شوێن کەوتووی زۆر بووە،یەکێك لەوانە ئەفلاتوون. سوقرات خەڵکی فێری ئەوە دەکرد پرسیار دەربارەی بۆچوونە کۆنەکان بکەن، هەروەها هانی خەڵکی دەدا تەنها بڕوا بەو شتانە بکەن کە بەڕاستی لێیتێدەگەن و هەوڵبدەن متمانەیان بەهەڵسەنگاندنی خۆیان هەبێت بەرامبەر بەوەی شتێك راستە یاخود نا.

بە لێکدانەوە مەزنەکانی و پابەندبوونە بەردەوامەکانی بەراستیەوە لەڕێگەی ژیانی خۆیەوە سوقرات بووە دانەری ستاندارێك بۆ تەواوی فەلسەفەی خۆرئاوا. سوقرات لەدوای مردنی هیچ زانیاری و کاریکی خۆی بۆ بەجێ نەهێشتووین، بۆیە زۆربەی ئەوزانیاریانەی لەبەردەستن لە ڕێگەی قوتابیەکانی خۆی و نووسەرە هاوزەمانیەکانیەوە کۆکراونەتەوە و نووسراون.

سوقرات ماوەیەك وەك سەرباز خزمەتیکردوە، پاشان لەپشێوی ئەسینای دوای جەنگ تێکەڵاوی سیاسەت بووە، دواتر لەم کارانە دووردەکەوێتەوە و خۆی سەرقاڵدەکات بۆ ژیانی خێزانی و پەروەردەکردنی منداڵەکانی. دوای ئەوەی هەندێك سەروەت و سامانی لەباوکیەوە بۆ بەجێدەمێنێت ، سوقرات باری ئابووری باش دەبێت و سوود لەم بارە

ئابووریە باشە وەردەگرێت و تـــەواوی کاتەکانی خۆی بۆ دیالۆگە فەلسەفیەکان تەرخاندەکات.

سـوقـرات تـــەواوی ژیـانـی خـۆی تـەرخـانـدەکـات بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ گەنجە ئەرستۆکراتەکانی ئەسینا، بەردەوام ئاگاداریان دەکاتەوە لەوەی کەمەرج نیە ئەو شتەی بـەلای زۆرینـەوە قبوڵکراوە شتێکی راست بێت،هاوکات سوقرات هیچ ئەلتەرناتیڤێکی پـێـشـکـەش نـــەدەکـردن. بەپێچەوانەی سۆفیستەکانەوە سـوقـرات قـبـوڵی نـەبـوو هیچ پارەیەك وەربگرێت بەرامبەر ئەوکارانەی لەگەڵ قوتابیەکانی ئەنجامیدەدا. جـۆری ژیانی سـادەی سوقرات کاریگەری راستەوخۆی لەسەر گەنجانی ئەسینا هەبوو، بەشێوەکی زۆر دڵسۆزی سوقرات بوون و کوێرانە دوایکەوتبوون.

کاریگەری سـوقـرات لەسەر گەنجەکانی ئەسینا بەرادەیەك بـوو کـە دایـــك و باوکـی گەنجەکان زۆر بـەم حاڵەتە نـارەحـەت بـوون، هەروەها نـــارازی بوونـی سـوقـرات لە رژێمـی دیموکراسی ئەسینا، بـووە هـۆی ئـەوەی سوقرات وەك کەسایەتیەکی سیاسی دیـار بناسرێت.سەرئەنجام دادگـــای ئەسینا حوکمی تـاوانـبـاربـوونـی سوقـراتـی دەرکـرد و فەرمانی مردنی بەسەردا سەپێنرا.هەرچەندە هاورێی و قوتابیەکانی بواری هەڵهاتنیان بۆ رەخساند، بەڵام ئەو زۆر جوامێرانە ژەهرەکەی خـوارد و لەناو هاورێکانیدا گیانی لەدەستدا.

باشرین سەرچاوەی ئێمە بۆ فەلسەفەی سوقرات بریتیە لە دیالۆگە سەرەتاییەکانی قوتابیەکەی :ئەفلاتوون. کە لەرێیەوە رێباز و فێرکاریەکانی گـەورەکـەیـمـان بـۆ ئاشنا دەکـــات ( هـەرچـەنـدە لە کارە دواییەکانی ئەفلاتووندا جـارێـکـی تـر سـوقـرات لە دیالۆگەکاندا دەبینرێت، بەڵام ئـەو کارانە زیاتر بۆچوونی فەلسەفی ئەفلاتوونن نەك سوقرات).

لە دیالۆگە سوقراتیەکاندا ، ئـەفـلاتـوون درێـــژە بە گفتۆگۆکان دەدات لەگەڵ خوێندکاران و پیاوانی دەوڵەت و هـاورێـیـان، بەمەبەستی تێگەیشتن لە (چاکە).ئەویش لـەرێـگـەی جێبەجێکردنی رێبازێکی لێکۆڵینەوەیی بۆ رەخنەگرتن لە باوەری باو.

رەخنەگرتن لە تێگەیشتنی باو بەوە دەبێت ئەو وەهمە تێك بشکێنین کە پێمانوایە ئـێـمـە بـەتـــەواوی لــە دنیا تێگەیشتووین و دەبێت دان بـەنـەزانـی خۆماندا بنێین. سوقرات پێیوایە هەنگاوی راستەقینە بۆ بەدەستهێنانی زانـیـاری راســت و دروســت، بریتیە لە دۆزینەوەی پێناسە گەردوونیەکانی ئەو چەمکانەی ژیانی مرۆڤ بەرێوە دەبەن.

لـــە مـیـانـەی گـفـتـوگـۆی لـەگـەڵ گـەنجـێـکـی لـووت بـەرزی لـەخـۆرازی، سوقرات بەرپەرچی بیرۆکەی ئەخلاقی رووکەشانە دەداتەوە لەرێگەی ئەنجامدانی هەرشتێکەوە بۆ رازیکردنی خوداکان.سوقرات پـێـداگـریـدەکـات هـەوڵـدان بـۆ تێگەیشتن لـە راسـتـی و بەستنەوەی بەدەسەڵاتێکی دەرەکیەوە سەرچاوەی تەنگ و چەڵەمەیەکی لۆجیکییە.

ئـەفـلاتـوون لـە (پـــۆزش-Apology)دا بـاس لە بەرگریە سەرنەکەوتووەکەی سـوقـرات دەکـــات لـە نـاو دادگــــادا. هــاوکــات بـاس لەئامانج و هاندەری چالاکیە فەلسەفیەکان دەکـات کە سـوقـرات ئـەنجـامـیـدەدان، لـــەگـــەڵ گـرنـگـی بـەهـای ئەچالاکیانە بۆ ژیان.

ئەفلاتوون باس لەوە دەکات کـە هـاورێـکـانـی سـوقـرات بـواری هەڵاتنی سەلامەتیان بۆ رەخساندبوو، بـەڵام ئەو گفتوگۆی ئـــەوەی لـەگـەڵ دەکردن ئایا ئەنجامدانی ئەو کارە شتێکی راستە یاخود نا. سوقرات دەگاتە ئەو ئەنجامە ئـەگـەر هـاووڵاتـی قوربانیی مامەڵەیەکی نادادپەروەرانەش بێت ، ئەوا پێویستە لەسەری گـوێـرایـەڵی یاسای دەوڵـەت بکات.

دەربارەی ئەوەی ئایا (چاکە) شتێکە دەتوانرێت فێربکرێت؟ سوقرات پێماندەڵێت: کە ( چاکە) شتێك نیە فێربکرێت. لـەم روانـگـەیـەوە سـوقـرات پێشنیازی رێبازی دووبـارە کۆکردنەوەی زانیاری دەکات، چونکە ئێمە هەرگیز زانیاری تەواومان لەبەردەست نیە.

ئەو پێیوایە چاکە و هەبوونی زانـیـاری زۆر پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە.بە بۆچوونی سـوقـرات هیچ مـرۆڤـێـك لە هەبوونی زانیارییەوە کاری خراپەکاری ناکات، بەڵکو کارە نەگونجاوەکان دەرئەنجامی نەزانیمانن نـــەوەك لاوازی ئیرادە.

**هەندێك لە گووتەزاکانی سوقرات**

**- هــەرچـۆنـێـك بــووە هاوسەرگیری ئەنجام بدەن: ئەگەر هاوسەرەکەتان باش بـوو ئـەو دڵخـۆش دەبـن ، ئەگەریش هاوسەرەکەتان خراپ بوو ئەوا دەبن بە فەیلە سوف.**

**- خـودی ژیـان کێشە نییە، بەڵکو کێشەکە بریتیە لە ژیان بە شێوەیەکی راست.**

**- زیـری راستەقینە بریتیە لـە زانـیـنـی ئـــەوەی کەهیچ نازانیت.**

**- زۆریــــەی کـــات لـە ئارەزوویەکی قوڵەوە، رقێکی کوشندە سەرهەڵدەدات.**

**- تەنها یەك چاکە هەیە ئەویش زانیاریە،تەنها یەك خراپەش هەیە ئەویش نەزانییە.**

**- لێم تـــوورە مەبە ئەگەر راستیم پێوتیت.**

**- بۆ ئەوەی خۆت بدۆزیتەوە ، بیر لەخۆت بکەرەوە.**

سەرچاوە:
www.thinkexist.com
- Heinemam Encyclopedia.
- www.philosophypages.com

*** خـوێـنـدکـاری ماستەر- زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.**